# عەزیز پشتیوان مامۆستای کوردایەتی و تێکۆشان و"پەیکەرە ناشایستەکەی" لە شاری خانەقین



ئەحمەد رەجەب

کەس نییە لە دانیشتوانی شاری خۆراگری خانەقین و کەساییەتییە ناودارەکانی کوردو خەباتگێرانی ریگای تێکۆشان و رابەرانی رێبازی کوردایەتی و پارت وکۆمەڵە نیشتمانییەکانی ئێراق و کوردستان مامۆستا عەبدولعەزیز پشتیوان و بنەماڵە تێکۆشەرەکەیان نەناسێ و ناوییانی نەبیستوبێ.

مامۆستای نەمری کوردایەتی عەبدولعەزیز نور محەمەدی یاروەیس جافی نەورۆڵی لە دێی ( پیران ) لە 12ی ئەیلولی 1912 هاتووەتە دنیاوەو، لە تەمەنی پێنج ساڵی لە گەڵ باوك و دایکی باریان کردوەو چوونەتە دێی سەوزبلاخ نزیك بە خانەقین و، پاش سێ ساڵ بەرەو خانەقین چوون و لەوێ لە گەرەکی ( کۆردەرە ) نیشتەجی بوون.

لە خانەقین قوتابخانەی سەرەتای تەواو کردووەو، ساڵی 1928 چووەتە ناوەندی پیشەسازی لە بەغداو، هەر لەوێ چووەتە خانەی مامۆستایان و، لە ساڵی 1932 بە هۆێ زیرەکی ولێهاتووی بووەتە مامۆستا لە هەمان خانەدا. لە سالانی 1934 ـ 1937 بووەتە مامۆستای قوتابخانەی ( ئەلفالیحیە ) لە لیوای ( پاریزگای ) عمارە لە خوارووی ئێراق و، پاشان گەراوەتەوە بۆ خانەقین و، بووەتە مامۆستای قوتابخانەی ( قولە ).

عەبدولعەزیز پشتیوان لە تەمەنی لاویدا خۆی هاویشتووەتە ناو کۆری تێکۆشان و کوردایەتی و، هەستی بە چەوسانەوەی گەلە قارەمانەکەی کردووەو، جێی خۆێ لە ناو دڵی هەژاران و چەوساوەکان کردووەتەوە..

لە ساڵی 1930 دا شان بە شانی کەسایەتی ناسراو ( مارف چیاووك ) لە یانەی سەرکەوتن کاری کردووەو، هەر لەوێ ئاشنای لە گەڵ کەساییەتیە ناودارەکان و رۆشنبیران وپێشەنگەکانی گۆرەپانی مەردایەتی و کوردایەتی پەیدا کردوەو، لەوانە : جەلال بابان، تەوفیق وەهبی، محەمەد ئەمین زەکی، عەلی کەمال، محەمەد ئەمین کاکە حەوێزی، مەحسن ئەحمەد هەولێری، رەمزی داوود زاخۆیی، فیلیپ عەبدولئەحەد، عەبدولمەجید لوتفی، میر حاج، نوری ئەحمەی تەها، مەحمود شکور چەلەبی و ئەمین رەواندوزی وکەسانی تری بەناوبانگی میللەتەکەمان.

کاتێك کەسایەتی ناودار عەبدولعەزیز پشتیوان لە قوتابخانەی پیشەسازی قوتابی بوو بە رێکەوت سێ قوتابی ناویان عەبدولعەزیز محەمەد دەبێت و، لە بەر ئەوە هەریەك لەوان ناز ناوێك بۆ خۆی دیاری دەکات و، ئەویش ناوی ( فەوزی ) هەڵدەبژێرێت و، بەم ناوە لە سەر بەرگی دووایی گلاوێژو هەتاوو هیوا وەك باوەر پێکراوێك ناوی تۆمار کراوەو، لە دووایيدا کە بیروباوەری کوردایەتی لە مێشکیدا بتەو بوو نازناوی ( پشتیوان ) یان بۆ داناوەو، ئیتر ئەم ناوەیان بەسەر ( فەوزی ) زاڵ بوو، لەو کاتەوە ئەم تێکۆشەرە بە عەزیز پشتیوان ناسرا.

گەلی کورد سەدان وهەزاران کەڵەمێردو مێرخاسی تیا هەڵکەوتووەو، لە پێناو خزمەتکردنی کوردو کوردستان خەباتی بێ وچانیان کردووەو، هەموو کات لە شالاوی درندانەی دوژمناندا بێ بەش نەبوون و، مامۆستا عەزیز پشتیوان ئەستێرەیەکی دەرەوشاوەی ئەو کەڵەمێردو مێرخاسانەیەو، هەموو ژیان و توانای بۆ رزگاری و سەربڵندی نەتەوەکەی پێشکەش کردبوو، چەندان جار خۆی و خێزانە تێکۆشەرەکەیان تووشی راونان وگرتن و داپڵۆسین و لێدان و ئەشکەنجەو ئازارو دوورخستنەوە بوونەتەوەو، هەر لە سەر ئەو رێگا پیرۆزەوە دوو جگەرگۆشەی قارەمانی هەمیشە زیندوو نەمر زۆران و کامەران بوونە قوربانی خاك و ولات.

.مامۆستا عەزیز پشتیوان خەباتی چاو نەترسانەی کردووەوە داکۆکی لە بیری کوردایەتی کردووەو، هەر لە تەمەنی لاویدا خۆی خستووەتە کۆری تێکۆشان و، بە درێژایی ژیانی و لە ناخۆشترین رۆژدا سەری بۆ کەس نەوی نەکردووەو مەردانە لە گەڵ خواست و ئارەزووی گەلەکەی ژیاوەو ماستاوی بۆ کەس لە دەسەلاتداران و دەست وپەیوەندەکانی رژێمە دیکتاتۆرییەکان سارد نەکردووەتەوەو، هەردەم لە ریزی پێشەوەی خۆبەختکردن بووە.

بە هۆی نزیکبوونەوەی لە کەسایەتییە ناودارەکانی کورد مامۆستا عەزیز پشتیوان بوو بە ئەندامێکی چالاکی یانەی سەرکەوتنی کوردان (نادی الإرتقاء الكوردي) کە لە 1930/5/30 لە بەغدا لە لایەن محەمەد ئەمین زەکی، مەعروف جیاووك، ابراهیم حەیدەری، مەحمود جەودەت، عەبدوللا لوتفی، خەڵەف شەوقی داوودی، محەمەد عارف مەدفەعی، ئەحمەد ئاغا کەرکوکی و پارێزەر عارف پشدەری دامەزرا و، بە پێی وتەکانی تێکۆشەرێکی کورد (اسماعیل قەرەداغی) پشتیوان رێزێکی تایبەتی هەبوو لە لای فەریقی سوپا بەکر سدقی و، هەروا دەڵێت عەزیز پشتیوان لە سییەکانی سەدەی پێشوودا توانی رێکخراوێکی نەتەوەیی بە ناو رێکخستنی پشتیوان دامەزرێنی ولاوانی کورد لە دەوری خۆی کۆ بکاتەوەو، لەوانە میرحاج، نوری ئەحمەد تەها، ئەمین رواندوزی وکەسایەتی تر.

مامۆستا عەزیز پشتیوان لە رێگای کەسایەتی ناوداری کورد رەفیق حیلمی چووە ناو حزبی هیواو، ئەم حزبە لە کفری و خانەقین زۆر بەهێز بوو چونکە سەرۆك خێڵ وعەشایەری ناوچەکە جاف و تاڵەبانی وزەنگەنەو دەلوو باجەلان و شەرەفبەیانی و عەشایەری تر بە هۆی کەسایەتی ئاینی و ئەندامی لێهاتووی حزبی هیوا (مەلا سەید عەبدولحەکیم) هاتنە ریزی حزبەوەو، هەر لە رێی ئەم پیاوە ناودارە لە ساڵی 1944 لە دێی کەلار وەك مامۆستا عەزیز پشتیوان بەرپرسی حزب لە خانەقین ئاماژەی بۆ دەکات کۆنفرانسێك گیرا بە مەبەستی نەهێشتنی ناکۆکی لە نێوان ئەفسەرە رۆشنبیرەکان و سەرۆکی حزب و، کردنەوەی بەرەیەکی نوێ بۆ بەرەنگاربوونەوەی دوژمن وهێزەکانی میری لە کاتی هەڵگیرسانی شۆرش لە بارزانداو، لێرەدا جێی ئاماژە پێکردنە کە مامۆستا عەزیز پشتیوان رۆڵێکی باشی بینی.

مامۆستا پشتیوان وەك کوردێکی دڵسۆز زوو هەستی بە راسترەویی سەرکردایەتی حزبی هیوا کرد کە ناتوانێت بە هیچ شێوەیەك بەرەیەکی دووەم بۆ پەرەسەندنی زەمینەی شۆرش بکاتەوەو، هەروا هەستی کرد حزب دووچاری دووبەرەکی بووە لە رووی هزرو رێکخستنداو ، سەرکردایەتییەکەی گلۆڵەو گۆشەگیرو سەرلێشێواوە هیچی پێ ناکرێت، تەنانەت ناتوانێت مانگرتنێك لە کارگەیەکدا رێکبخات، یان خۆپیشاندانێك لە یەکێك لە شارەکانی کوردستاندا ساز بکات.

باری حزبی هیوا بە تەواوەتی تێکچوو، هەر لەو کاتانەدا رۆژنامەی (القاعده) ئۆرگانی حزبی شیوعی ئێراق کە بە نهێنی بلاو دەکرایەوە لە وتاری سەرەکی خۆیدا ئاماژە بەوە دەکات کە {گەلی کورد پێویستی بە حزبی کارە، نەوەك بە حزبی هیوا} و، هەربەو شێوەیە دەڵێت : {ئەم حزبە وزەو توانای دەیان هەزار لاوی خوێن گەرمی کورد لە بەشداریکردنی هەر چالاکییەکی سیاسی لە پێناو ئازادییە دیموکراتییەکان کە تەنها لە سێبەریدا گەلی کورد

دەتوانێت رای خۆی لە بارەی بریاردانی چارەنووس ئاشکرا بکات وەلا خستووە} ، بۆیە مامۆستا عەزیز پشتیوان لە ناو ریزەکانی حزبی هیوا مایەوە تا لە 1946/8/16 پارتی دامەزراو، یەکسەر چووە ناو ریزەکانییەوەو، بوو بە کادرێکی لێهاتوو، درێژەی بە خەبات و تێکۆشان دا..

مامۆستای هێژاو تێکۆشەر عەزیز پشتیوان هەموو تواناو تەمەنی خۆی و خێزان وبنەماڵەکەیان لە رێی کوردو کوردستان بەخت کردو، رۆژێك لە رۆژان خۆهەڵکێش نەبوو، قەت باسی خۆی نەدەکردو، هەموو کات دڵ فراوان و گەش بین بوو بەوەی گەلەکەی سەرکەوتن بەدی دەهێنێت.

ئەمرۆ لە خانەقین پەیکەرێك بۆ مامۆستای زانست و کوردایەتی کراوە جێی سەرنج و رەخنەیەو، بە هیچ شێوەیەك سیماو روخساری مامۆستای هێژایە پێوە دیار نییە، پەیکەرێك پچر پچر بارەکەی درابێ بە برای "پەیکەرساز"، دەبێت چۆن پەیکەرێك بێت !!.

راستە خەڵکی شاری خانەقین تێکرا دەیانەوێت پەیکەرێکی شایستەبۆ مامۆستای بە ئەمەك و خۆشەویست بکرێت و، چەندین قوتا بخانەو شەقام و گۆرە پان و کتێبخانە بەناوی عەزیز پشتیوان بنرێن و ببینرێن.

خەڵکی خانەقین لە هەموو شۆێنێك لە کوردستان و لە دەرەوەدا داوا لەو بەرێزانە دەکەن کە (( پەیکەر)) یان بۆ مامۆستا پشتیوان کردووەو خۆیان سەخلەت و دلگران نەکەن و بە خۆیاندا بچنەوەو، دان بە کارە هەڵەکەیاندا بنێن ورەخنەکە وەربگرن و، داوای لێبوردن بکەن، چونکە وەك دەردەکەوێت نیازیان پاك بووەو، لەوانەش زوربەیان قوتابی مامۆستای هێژا .

کاتی ئەوە هاتووە داوا لە بەرێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان و، پارلەمانی کوردستان و ئە نجومەنی وەزیران و هەموو کاربەدەستان بکەین کە بایەخ بدەن بە کەسایەتی و ناودارانی نەتەوەی کورد لە وێنەی مامۆستای هێژاو هەمیشە زیندوو عەزیز پشتیوان.

خەڵکی خانەقین چاوەروانە بەرپرسێکی گەورەو کەسایەتییەکەی ناودار پەردە لە سەر پەیکەرێکی شایستە بە قەدو بالاو سیماو روخساری مامۆستای دڵسۆزو خاوێنی کوردایەتی نیشتمانپەروەر عەزیز پشتیوان رۆژێك لە رۆژان هەڵمالێت .

2007/3/21